# دروشمی ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامیی ئێران

## بارێکی قورسە لەسەر پشتی بزووتنەوەی کوردستان

هێرش عەلیزادە ٢٨/١١/٢٠١٣

هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامیی ئێران لە یەکەم رۆژەکانی ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی و پاشان گەمەی ڕیفەراندۆمی سەرتاسەریی لە ئێران بە مەبەستی دەنگی "ئەرێ یا نا" بە کۆماری ئیسلامیی ئێران لە هەمانساڵدا، باڵی شیعە مەزهەب لە ئێران (کە زۆرینەیشن) توانییان لەژێر ناوی ریفەراندۆمێکدا، شەرعیەت بە هاتنەسەرکاری خۆیان وەکوو کۆماری ئیسلامیی ئێران بدەن.

هەر لەو سەردەمەدا گەلی کورد لە کوردستانی خۆرهەڵات بە حیزبەکانیشەوە دەنگی "نا"یان بە کۆماری ئیسلامیی ئێران دا، سەرەڕای ئەوەی کە بە هۆی ڕێژەی کەمی خەڵکی کوردستانەوە گەلی کورد نەیدەتووانی لەسەر سەرئەنجامی ڕیفەراندۆمەکە کاریگەریی ببووایە، بەڵام خەڵکی کوردستان بوێرانە لە رووانگای بەرژەوەندی خۆیانەوە دەنگی "ئەرێ" ی خۆیان بە کۆماری ئیسلامیی ئێران نەدا، بۆ منێک کە ئەو کات گەنجێک بووم و دەنگی منیش وەکوو باقی خەڵکی کوردستان نا بە هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامیی ئێران بوو، ماناکەی ئەوە بووە کە خەڵکی کوردستان بە دروست لە پێناو رزگاری خۆیدا ئەم بڕیارەی دا.

ئەوەی کە روون و ئاشکرایە خەڵکی کوردستان لە ڕیفەراندۆمی ١٣٥٨ی هەتاویدا دەنگی‌یان بەهاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامیی ئێران نەدابوو، و هەر پاش ئەم نافەرمانیەی گەلی کورد بوو کە فەرمانی جیهادی ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ بۆ سەر کوردستان لە لایەن ئیمامی ئۆمەتەوە (ئیمام خومەینی) بە *پەشتئەستوری زۆرینەی خەڵکی ئێران ئەنجام درا، و ئایەتوڵا خەڵخاڵی وەکوو نوێنەری ئیمامخومەینی دەسەڵاتی تەواوی لە پێناو کوشتاری ئەم گەلە کە دەنگی دژی لەدایکبوونی نیزامیی مەزهەبیی لە ئێران دابوو، پێدرا. ئاکامی هێرشی بەربڵاوی کۆماری ئیسلامیی ئێران تازەپاگرتوو، بۆ سەر "کفار و ضد انقلاب و عوامل پالیزبان و عراق و ..." (واتا بۆ سەر خەڵکی کوردستان!)، کوشتاری خەڵکی کوردستان و زەرەوزیانێکی قورسی ماڵی و گیانیی کوردی لێکەوتەوە. کە ئێستایش ئەم سەرکوتە وەحشیانەیە لە هەموو کوردستاندا بەبەردەوامی درێژەی هەیە.

خەڵکی کوردستانی خۆرهەڵات رۆژانە لە لایەن هێزەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە دەستبەسەر و زیندانی دەکرێن/ لێدان و ئەشکنجە و ئیعدام دەکرێن/ و هێزە چەکدارەکانی ئەم رژیمە لە شارەکانی قوم و ئیسەفهان و تاران و مەشهەدەوە کە لە کوردستان موستەقرن، دەسەڵاتی تەواویان لە تەقەکردن و کوشتن و دەستبەسەرکردنی خەڵکی کوردستان هەیە.

پرسیار ئەوەیە ئایا ئەم ریتم و نۆرمە لە قەلاچووکردنی خەڵکی کوردستان تا کەی بەردەوام دەبێت؟ ئایا ئێمە تا کەی هەر چاوەروانی قەزاوقەدەرەکان دەبین؟ ئەگەر ئێمە رژیمەمان پێی ناڕووخێت (کە هەموومان دەزانین بە ئێمە ناڕووخێت) پاش سی‌وچوارساڵ، خۆ دەتوانین دەست لە وەلانانی یەکتر هەڵبگرین و لە پراکتیکدا دژی کوشتار و قەلاچووکردنی خەڵکی کوردستان هیواوهۆمێدێک بە بزووتنەوەی ئەم گەلە داگیرکراوە بدەین! ئەگەر ئێستا لەم کاتە بەرفراوانەی کە ئۆپۆزیسیۆن لەبەردەستی‌دایە و کە لەبەردەستییدا بووە، چارەسەر بۆ گرفتەکانی خۆمان پەیدا نەکەین، ئایا لە ئەگەری قەزاوقەدەرەکاندا، چۆن دەتوانێت چارەسەری بۆ پەیدا بکەین؟

ئایا دەکرێت پاش سی‌وچوار ساڵ لە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەسەر خۆرهەڵاتی کوردستاندا و لانیکەم بیست ساڵ مانەوە ئۆپۆزیسیۆنی کورد لە باشووری کوردستان لە پێناو "پاراستنی بەرژەوەندیەکانی ئەم هەرێمە"و ....، بیرێکی جیددی لە "پاراستن ژیان و ئەمنیەتی" خەڵکی کوردستان لە خۆرهەڵاتیش نەکرێتەوە؟ تا کەی کوردی خۆرهەڵات چاوەڕێی دەستی یارمەتی ئەم و ئەو دەبێت، لە

کاتێکدا ئێمە دەتوانین دەست لە نێو دەستی یەکتر شمشێری ژهراوی و کوشندەی داگیرکەرانی کوردستان لەسەر سەروگەردنی لاوانی کوردستان کۆتایی پێبێنین!

حوکمەتێک کە زۆربەی خەڵکی ئێران لە هەڵبژاردنێکدا (دروست یا نادروست) دەنگیان پێداوە، و بەشێکی بەرچاو لە ئۆپۆزیسیۆنی کورد هەر لە یەکەم رۆژەکانی هاتنە سەرکاری ئەم حکومەتە دروشمی رووخاندنیان دژی هەڵگرت بەبێ ئەوەی پارادوکسەکانی ئەم دروشمە لەهەموو ئاستێکدا تاوتوو کرابێت، بۆ نموونە ئایا دروشمی ڕووخاندنی ئەم حکومەتە دەتوانێت پێوەندی بە ناوەرۆکی سیاسیی بزووتنەوەیەکی ئازادیخوازیەوە بێت کە لە پێناو رزگاری و چارەنووسی خۆیدا خەبات دەکات؟

ئاشکرایشە کە لە پرۆسەی ڕزگارکردنی خاکی داگیرکراویشدا لە مێژوودا نەبووە کە نەتەوەی بندەست بە دوای ڕووخانی حکومەتی نەتەوەی سەردەست کەوتبێت. پرووانە خەباتی ئازادیخوازیی گەلانی هەموو ئەمەریکای لاتین، ئەفریقا و ئاسیا و تەنانەت وڵاتە عەرەبەکان و ئەوانەی دەراوسێشمان. برووانە بزووتنەوەی رزگاریخوازی ئیرلندیەکان و باسکەکان و ....

لە مێژوودا نموونەیەکیش نابینیت کە نەتەوەی بندەست داوای ڕووخاندنی حکومەتی ناوەندی کردبێت. نەتەوەی بندەست هەمیشە داوای ڕزگارکردنی خۆی کردووە و ئەو ڕزگاربوونەی لە دەرچوون یان دەرکردنی سوپای داگیرکاردا بینیووە. هەمووومان دەزانین هەر وەکوو ئێرانیەکانیش دەزانن کە کورد لە کوردستانی خۆرهەڵات کیانی خۆی دەوێت و لە هەر حاڵێتێکدا فێدراڵی یان سەربەخۆیی بێت، یەکێک لە پایەکانی ئەم سەروەریە بە مانای رۆیشتنە دەرەوەی سپای ئێران لە کوردستان دێت، لە هەر هەل و مەرجێکدا ئەگەر سپای ئێران لە کوردستان چووە دەرەوە ئەو کات کورد چی بە سەر بە حکومەتی ناوەندی داوە؟ نیزامی سیاسیی لە ئێران ئیسلامیی بێت، پاشایەتی یان کۆماریی یان حکومەتی جەبهەی ملیەکان یا شورای مەقاوەمەتی موجاهیدەکان بێت؟ چ پێوەندیەکی بە کوردەوە وەک دەراوسێیەک دەبێت؟

دروشمی رووخاندنی رژیم دروشمێکی ناکوردیی و ناکوردستانیی و نائازادیخوازانە و تەنانەت لە هەندێک رووەوە کۆنەپەرستانەیشە چون دەستوەردەداتە خواستی نەتەوەیەکی دیکە لە هەڵبژاردنی حکومەتی خۆیدا (لە نموونەی ئێراندا فارسەکان!) و لە ڕاستییدا لە ڕێگای سەڵتەنەتەڵەبان و ئێرانچیەکان کە شەڕی ئەوان ڕاستەوخۆ لەگەڵ حکومەتدا و لەسەر کورسیی دەسەڵاتە، گەیشتووەتە کوردستان، چونکە ئەوان کێشەکەیان ڕاستەوخۆ لەگەڵ دەستەڵاتی ناوەندا هەبووە، نەك لە گەڵ سپا و دامەزراوە و مێژوو و کەلوپەل و ئامرازی چەوساندنەوەکەی بۆ نموونە لە کوردستان یان بەلوچستان و ئەحواز وعەرەبستانەکەی. لەراستیدا ئەم دروشمە بە سەر کورددا سەپێندراوە کە بە داخەوە خوێنی زۆر و گران و قورسمان لەسەری داوە.

ئەگەر کولتوری دیموکراسیی و فرەگەرایی و پلوراليزم لە ئێران هەبووایە ئەوا ئەم دروشمە ئەسڵەن نەدەبوو و لەبەرئەوەش نەدەگەیشتە کوردستان. بەڵام لەبەرئەوەی هەر هەموو هێزکی تا ئێستا حاکم و ناحاکمی ئێران جا بچووک بن یان گەورە، گەرەکیانە بە تەنها و هەر خۆیان بێنە سەر حوکم، ئەوا هەر یەکەیان گەرەکیەتی حکومەت پرووخێت و ئەوجا خۆی بێتە جێگای و بێتە سەر کار. هەر لەبەرئەوەیش گرینگ نییە کێ بۆی دەپرووخێنێت، ئەمریکا و خۆرئاوا بۆی دەڕووخێنن یان "مەرزبانانی غیوری" کورد و بەلوچ. نموونەیەکی ساکار بۆ ئەم مەسەلەی ڕووخاندنە ئەوەیە کە ئایا ئەم هێزگەلە بە ناو ئۆپۆزیسیۆنە ئێرانیەی داوای ڕووخاندنی ڕژیمی ئیسلامیی ئێران دەکەن لە عەمەلدا لە ٣٤ ساڵی ڕابردوودا چەند کەسیان لە شەڕی سەربەخۆی رووبەڕووبوونەوەدا لە سپای پاسداران و ئەرتش حکۆمەت پێ‌کوژراوە و توانیویانە چەند کەس قەناعەت پێ بهێنن کە لە مانگرتن یان خۆبرسیکردن یان خۆپیشاندان یان چالاکیەکی دروستحیسابیدا بەشدار بن؟

ڕاستیەکەی ئەوەیە کە ئەمانە بە چاوەڕووانی ئەمەریکا و خۆرئاوا وردەوردە تەمەنی خۆیانی لە سەر دابنێن، یان بە سات و سەودا لەگەڵ سەرانی ئەحزابی کورد ئەویش لە سەر حیسابی خوێنی گەنج و لاوانی کوردستان، داوای ڕووخاندنی ڕژیم بکەن. ئەگەر بە ٣٤ ساڵ هەر دوو هەنگاویش وەپێشبکەون بۆ ئەوان هەر باشە، خۆ ئەوان زەرەرێکی لێ ناکەن! خۆ ئەوان نیین کە خوێن دەدەن و کە زەرەریان لێ

دەکەوێت! تەنانەت ئەگەر قوربانیشی تێدا بدەن حکۆمەتی داهاتوو هەر لەخۆیان دەبێت، بەڵام بۆ کورد و گەلانی بەندەستی وەکۆ بەلۆچ و عەرەبی ئەحواز و... گرانتییەک نیە کە بەشدار بن!

لەبەرئەوە دیارە کە هەر لایەنێك یان لایەنەکان پێیانخۆشە کورد بکەن بە مقاشی دەستیان و کوردستان بکەن بە سەنگەری مقاوەمەت، نە بۆ کورد و نە بۆ کوردستان، بەڵکو بۆ ڕووخانی حکومەت و هاتنەسەرکاری خۆیان! هەروەکوو دەزانین کە شەستەکانی هەتاوی "کردستان سنگر مقاومت ایران" چ زەرەرێکی قورسی لە لەش و جەستی ئەم بزووتنەوەیە دا. ئەوانەمان کە بەشداربووین دەزانین چەند زەرەرمان لێ کەوت! و ئەمرۆ لە سەرتاسەری ئێران بەوانیشەوە کە ئەو دروشمەیان دەدا وەکوو تاک رەنگە خەڵکانێک بناسین و هەبن کە ددان بە جەرگی خۆیاندا دەنێن و تەحەموولمان دەکەن، ئەوانیش (وەکوو شادی سەدر و چەند کەسێکی تر).

هەمووومان دەزانین کوردی زەرەرلێکەوتوو زۆرن، دایكوباوك و خوشك وبرای قوربانیان، هەموو ئەوانەی لە زینداندا بوون یان ئێستایش کە هەن و ئەوانی کە ئاوارەی دوورەوڵات بوون هیواخوازن کە حکومەتی ئێران پرووخێت و ئێسک و پرووسکی ئەو کۆنەپەرستانەی سەر حوکم هەپروون بە هەپروون ببن و تەنانەت وەك بەفری قورس و گرانی خۆنەگرتوو هەرەس بکات. نزیکەی هەر هەموو ئەوانەی کە لەبەرەی بزووتنەوەی خەڵکی کوردستاندان کەس نییە کە دژی ئەو هیواخوازیی و ئەو هەستە گەرموگەڕە ئینسانیەتە بێت!

بەڵام بێشک "ڕووخان و ڕووخاندن" ڕەهەندی سیاسیی و ئابووریی و عەسکەریی ناوخۆیی و نێونەتەوەیی هەیە. مرۆڤی بندەستی وەکوو کورد مافی خۆیەتی خوازیاری ئەوەبێت داگیرکار و سەبەبکاریی هەتا دۆزەخ سەرەونگون بێت، بەڵام لە مانای پراکتیکدا ڕووخانی حکومەتێك توانای سیاسیی و سەربازیی و ئامادەیی ناوخۆیی و نێونەتەوەیی دەوێت، و ئاشکرایشە کە کورد وەکوو نەتەوەیەکی بندەست لە ئێراندا کەمینەیە و هەرگیز ئەو توانایەی نابێت. هەروەها لە رووی دیموکراتیشەوە مافی ئێمە نییە کە داوای ڕووخانی حکۆمەتی ناوەندیی بکەین، چون حکومەتی ناوەندی بە دەنگی زۆرینەی خەڵکی تاران و ئیسفەهان و قوم و مەشهەد و شارەکانی تری ئێران یاخود لانی کەم بە بێدەنگیی ئەوان هاتووەتە سەرکار. بە هەڵگرتنی دروشمی رووخاندنی ڕژیم، مافی دیموکراتیکی زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی ئێران کە دەنگیان بە کۆماری ئیسلامیی ئێران داوە یاخود پێیانوایە زەرەرێک لە هەبوون و لە حوکمدارییی ناکەن و نەکردووە، پێشێل دەکات.

دروشمی رووخاندن لەسەر پشتی خەڵکی کوردستان و بزووتنەوەی کوردی خۆرهەڵات بارێکی قورس و زەحمەتە و لە گەمەیەکی نادیاردا چەقاندوویەتی! ئەگەر جمهوری ئیسلامیی ئێران لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی خۆی ڕێك بکەوێت، کورد چ دەکات؟ کوردستان زیاتر لە سەدان کیلومتر لە ناوەندەوە دوورە، ئایا کورد بە چی حکومەت دەڕووخێنێت؟ یاخود ئەگەر نەتەوەی فارس و تورك بڵێن: نەخێر ئێمە نامانەوێت حکومەت پرووخێت، بەڵکو دەمانەوێت لە ڕێگای پرۆسەی دەنگدانەوە حکومەت بگۆردرێت. ئەو کاتە کورد چی دەڵێت؟ کە لە پراتیکدا تا ئێستا هەروەها خۆی نیشان داوە.

تەنانەت ئەگەر لەدەرەوەی هێزوتوانی کورد لە هەلومەرجێکی نێۆنەتەوەیدا کۆماری ئیسلامیی ئێران پرووخێت، ئایا گەرەنتی چییە کە مافەکانی گەلی کورد دەستەبەر بن؟ مەگەر سەددام نەڕووخاوە، ئەی بۆ ئەحزابی عەرەبی لە ئێراق و لە وڵاتانی عەرەبیش، تا دێن زیاتر دژایەتی کورد دەکەن؟ سوننە و شیعە بە شەو دژ بە یەك شەڕ دەکەن و بە ڕۆژیش پێکەوە لە پارلەماندا دژ بە کورد بەرەن. گەرانتی تۆی بندەست چییە کاتێك کە رەجەوەیەکان و سەڵتەنەتیەکان و پانئێرانیستەکان هاتنە سەر حوکم؟

تەنانەت گریمان حکومەتێکی دیموکراتیک لە ئێران لە دایک*بوو چ گرانتیەک هەیە کە مافی کورد چارەسەر بکات و یان کورد بە مافەکانی خۆی بگات؟ مەگەر ئەو وڵاتانەی کە لە مێژوە دیموکراسی تیایاندا مسوەگرە مافە نەتەوەییەکان گەلانی بندەستیان تێدا پارێزراوە وا کە واقیعەن بێ گیروگرفت بن و هەمیشە دڵیان لای جۆرێک سەربەخۆیی و خۆبەرێوەبردن نەبێت؟

---

- راستە فەرمانی ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ لە کاتێکدا درا کە کۆماری ئیسلامیی ئێران بە هانای مۆفتیزادە لە شاری سنە هات/ بە هانای ئاغا و دەرەبەگەکانی کوردستانەوە هات، بەڵام کۆماری ئیسلامیی ئێران بە تەواوی مانا لە دەنگی **ناى** خەڵکی کوردستان بە هاتنەسەرکاری خۆی تێگەیشتبوو، هەر بۆیە هەلی قوازتەوە و فەرمانی جیهادی دژی "کفار" لە کوردستان دەرکرد.
- ئەوەی راستی بێت تەنها ئەوانی کە لە پەشتی قەزاوقەدەرەکاندا خۆیان حەشار داوە و خەوەنی دەسەڵاتی باڵادەستی خۆیان بە زەبری هێزی چەکدار دەبینن، خەتەری جیددین لەسەر سەقامگیری کۆمەڵگای کوردستانی خۆرهەڵات لە داهاتووی ئاڵۆگۆڕەکاندا.
- رەنگە لە سەدەی بیستوویەکدا خەونێک بێت چون یەکشەوە منداڵیکی دیموکرات لە باوک ودایکێکی دیکتاتور و مەزهەبی لە دایک نابێت.